

# لە حزووری دووریتا ئەی عەشق

لەوەتەی بە دیار چرپەی ئەم بێدەنگیەوە
ئێشك ئەگرین
کات وەستاوە ،چاوەڕوانی بەردەوام تازە دەبێتەوە
خەیاڵ هەمیشە وەك پیاوێکی ڕیش سپی
داوای مشتێ حەوانەوەم لێ دەکات،
لە دەست بێتاقەتیەکانی ڕۆژگار
لەوەتەی دەتناسم
شەوانە گوێ بۆ گۆرانیە پڕ حوزنەکانت دەگرم
بەدیار تەنهایی خۆمەوە کات بەڕێدەکەم!
هەردووکمان پڕبووین لەدووبارە بوونەوە.....
ئەوەندەش ژیان جوان دەبینین
بەیانیان لەگەڵ عەشقێکی تازەدا دەژین
هەمیشە لێت دەگۆڕێت...
دەست بە سەر دووگمە ی سەردڵتا دەنێیت
گۆرانیەکان دووبارە دەکەیتە وە
بەدڵی خۆت دەست بەبێ دەنگی ڕوحما ئەنێیت.
ئەڵێیت.
بۆ بێدەنگی دایپۆشی؟

گویّ گرتن لـه تۆ واخۆشه
ئـەمـەوێت چرپـەی هـەناسـەدانیش کـەم کـەمـەوە
ئـەڵێی هـەرگیز گوێم لـەدەنگت نـەبووە
لـە ناو هـەموو نۆتـە و ژێیـەکانـی  دەنگتا ئارام ئـەگرم
بیر لـەم هـە موو تـەنهاییم بکـەرەوە
با تـەنهایـی بیّ ئومێدم نـەکات!
ووەرە وو
پێشوازی لـە شنـە ی هاتنـەکانم بکـە
بـەیانـی زوو
بـەچـەپکیّ گوولـەوە
لـەوێستگا قـەرەباڵغـەکانـی شارا
بۆم بگـەڕیّ
زووتـر ئـەم دۆزیتـەوە لـە هـەرشتـیّ
بـەدەم چـەپکیّ بزە و  دڵێکی تامـەزرۆوە
گۆرانـی ئـەڵێم
کـەس لـە من ناچیّ و منیش لـە کـەس ناچم
کیّ هـەیـە بـەو بـەیانیـە زووە گۆرانـی بڵـیّ
یـەك دەبینین......!
بیێێێێدەنگ...........
باوە ش بـە یـەکدادەکـەین.....
چـەند کاتژمێرێکـە و هـەر بێدەنگین
 لێك نابینـەوە!
خـەڵکی لێمان دەڕوانن...

پاش کەمێک ماندوو دەبن دەڕۆن.
ئێمەش هەروایین....
هەرواش
دەڕۆینە کەنار دەریاکە
لە ژێر ساباتەکانی دەریادا
پشوو یەك ئەدەین...
ڕووتدە بینەوە
لە دەریایی دووری محیبەتدا
خۆمان دەشۆین
پاك دەبینەوە لە (گوناهـ لە دووری لە حەرام)
ڕووتر لە مێژوویەك
لە ناو باخچە حەرام کراوەکاندا
بە دیار نەزۆکی عیشقەوە
مۆمیا کرابووی
هەمیشە ڕووت بویت وو
بەدیار لەزەتەوە دامابووی
ڕووتبەرەوە ئازیز.....

سوید 2005